# کەشناسی هەرێم: ئەمڕۆ و سبەی باران بارین لە ناوچە جیاجیاکان بەردەوام دەبێت

کەشناسی هەرێم پێشبینی دەکات ئەمڕۆ و سبەی باران بارین لە ناوچە جیاجیاکان بەردەوام بێت و پلەکانی گەرماش چەند پلەیەك نزم ببنەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ هەینی، ئاسمان بە گشتی هەوری باراناوی دەبێت، نم نم باران و بارانی مامناوەند لە زۆربەی ناوچەکان دەبارێت، هەندێک کات لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان باران بەشێوەی لێزمە باران دەبێت. بەفرێکی کەم لە ناوچە شاخاوییە سنورییەکانی باکورو باکوری رۆژهەڵاتی هەرێم دە بارێت.

وەك کەشناسی هەرێم ئاماژەی پێداوە، ئەمڕۆ پلەکانی گەرما، 1 تا 3 پلە نزمتر دەبن لەچاو تۆمارکراوەکانی دوێنێ.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، سبەی شەممە، ئاسمان هەوری تەواو دەبێت، نم نم باران و بارانی مامناوەند بەپچڕپچڕی دەبارێت بە تایبەت لە ناوچەکانی باکورو باکوری رۆژهەڵات کە پێشبینی دەکرێت رۆژی

دابارین زیاتر بێت بەراورد بە ناوچەکانی تر .

کەشناسی ئاماژەی بەوەشداوە، سبەی پلەکانی گەرما، نزیک دەبن لە تۆمارکراوەکانی ئەمڕۆ.

کەشناسی هەرێم پێشبینی کردوە بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی بەم جۆرە بن:

هەولێر: 13 پلەی سیلیزی

سلێمانی: 9 پلەی سیلیزی

دهۆک: 13 پلەی سیلیزی

هەڵەبجە: 12 پلەی سیلیزی

گەرمیان: 15 پلەی سیلیزی

سۆران: 10 پلەی سیلیزی

زاخۆ: 14 پلەی سیلیزی

حاجی ئۆمەران: 3 پلەی سیلیزی

چەمچەماڵ: 10 پلەی سیلیزی

پیرمام: 9 پلەی سیلیزی